# بەڕاستی ئارامگرتن لە کاتی یەکەم کارەساتدایە

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە لای ئافرەتێکدا تێپەڕی کە لەلای گۆڕێکدا دەگریا، ئەویش پێی فەرموو: «تەقوای خودا بکە، وئارام بگرە»، ئافرەتەکە ووتی: وازم لێبێنە؛ تۆ وەکو من تووشی کارەسات نەبوویت، پێی ووترا: ئەوە پێغەمبەرە -صلی الله علیه وسلم-؛ بۆیە هات بۆ لای دەرگای ماڵی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وکەس لە پێش دەرگای ماڵەکەدا نەبوو، ئافرەتەکە ووتی: نەمزانی کە تۆیت، ئەویش -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «بەڕاستی ئارامگرتن لە کاتی یەکەم کارەساتدایە». ولە گێڕانەوەیەکدا: «دەگریا بەهۆی (مردنی) کوڕەکەی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە لای ئافرەتێکدا ڕۆیشت کە منداڵێکی مرد بوو، زۆر خۆشی دەویست وئەمیش وایلێکرد کە دەربچێت بەرەو گۆڕستان ولەوێ بەسەر گۆڕەکەیدا بگری، وکاتێک پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بینی فەرمانی پێکرد بەوەی تەقوای خودا بکات وئارام بگرێت. ئەویش (ئافرەتەکە) ووتی: تۆ وەکو من تووشی موسیبەت وکارەسات نەبوویت. وپاشان بە ئافرەتەکە ووترا: ئەوە پێغەمبەر بوو -صلی الله علیه وسلم- کە ئامۆژگاری کردیت، وبۆیە زۆر پەشیمان بووەوە لە قسەکانی وڕۆیشت بۆ لای دەرگای ماڵی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-، وکەس لە پێش دەرگاکەیان نەبوو کە ڕێگری لە خەڵکی بکات بۆ ئەوەی بچنە ژوورەوە بۆ لای، وپێی ووت: نەمزانی کە تۆ بووی، وئەویش -صلی الله علیه وسلم- پێی فەرموو ئەو ئارامگرتنەی کە بەهۆیەوە مرۆڤ پاداشت دەدرێتە یەکەم ئارامگرتنە کاتێک کە کارەسات وناخۆشیەکە ڕوو دەدات.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3295